






Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# دیاری

شیعر

١٣٦٨

ساڵح سووزەنی



دياري........................................... ساڵح سووزةني

-----------------
ناوی کتێب: دیاری
بابەت: شیعر
نووسەر: ساڵح سووزەنی
پیتچین: بێگەرد ساڵح
چاپی:
کاری رووبەرگ: سۆران ساڵح



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# ثيَرست


١- درندةي دارستانيَ ضر.............................٦
٢- كؤن و تازة..........................................٧
٣- بؤسةرطلكؤيةك....................................١٠
٤- دياري.................................................١١
٥- حةزليَكةري..........................................١٢
٦- ئالا......................................................١٥
٧- نا هيَدي..............................................١٦
٨- من و ماشيني سةدةي بيست....................٢٠
٩- طؤراني................................................٢١
١٠- طيَذةلووكة.........................................٢٢
١١- ساتؤري شةو......................................٢٤
١٢- شيعر..................................................٢٦
١٣- ئاطةداري............................................٢٧
١٤- ضؤمي خةم.........................................٢٨
١٥- ئةمناسييةوة......................................٣١
١٦- بةندي..................................................٣٢
١٧- نةئامةتي.............................................٣٣
١٨- شين و شةثؤلَ.......................................٣٤
١٩- شيعر و قةلَةم.......................................٣٦
٢٠- خؤشةويستي........................................٣٨




دياري......................................... سالح سووزةني


٢١- رق و ئةوين.........................................٤٠
٢٢- كاتيَ هاتن..........................................٤١
٢٣- ترومثا................................................٤٤
٢٤- دروشم................................................٤٦
٢٥- ثرسيار................................................٤٨
٢٦- رق......................................................٤٩
٢٧- ثرسيار ٢............................................٥١
٢٨- دةمامك...............................................٥٤
٢٩- مةزرةق...............................................٥٥
٣٠- طاليلة.................................................٥٧
٣١- ولآت...................................................٥٩
٣٢- تابلؤ...................................................٦٠
٣٣- بلَيَم....................................................٦١
٣٣- ريَبةندان.............................................٦٢
٣٤- شةهيد................................................٦٣




Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## دڕندەي دارستانيَ ضڕ

لەو ڕۆژەوە
یەکەم ئینسان
دەستی کۆیلەتی خۆی
لەزەوی هەڵبری و
بیری کرد بەچەکی سروشت
دژی سێ شت بەشەڕ هاتووم
یەکەم جاریان
بەنینۆک و ددان لەگەڵ
دڕندەی دارستانێ چڕ
دووهەم جاریان
بە شیر لەگەڵ:
شێری پاشا،
لەسەدەکانی کلیسا.





سێهەم جاریش،
بەدەبانی بەرپشتوێنەم،
لەگەڵ دژەهاورێکانم.

لەو ڕۆژەوە،
دایکی وڵات،
شووی‌کرد بە کێوی چلچەمە و
سکی پڕبوو بە کوردستان،
دژی سێ شت بە شەڕ هاتووم
یەکەم جاریان
بە پێمەرە
لەگەڵ چەتە
دووهەم جاریان
بەشەن و داس
لەگەڵ چەتە
سێهەم جاریش
بەم کلاشینکۆفەی هاورێم
دیسانەوە لەگەڵ چەتە...

لەو ڕۆژەوە،
یەکەم سەربازی نیشتمان،
بۆ یەکەم جار



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

بووبە هەڵۆ،

لەگەڵ سێ کەسان بەشەڕ دێم:

یەکەم جاریان،

بەبڕنەوێکی کورت لەگەڵ،

داگیرکەران

دووهەم جاریان.

بەبڕنەوێک درێژ لەگەڵ،

داگیرکەران

سێیەم جاریان،

بەم سیمینۆفەژیکەڵەم

دیسان دژی

داگیرکەران

***





## كۆن و تازة

بزەیەکی سووری خستە

سەرلێوانی

وتی شاعیر!

لە شێعردا،

جیاوازی نوێ و کۆنە چییە؟

وتم ،

ئێستکە رزاوەکانی «رەزاشا»

شێعری کۆنن

رەوتی خاسەکەوەکانیش

شێعری تازە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## بۆ سةر ظلَكۆيةك

دوێنێ شاخ سەری هەڵبڕی
ئەمڕۆ سینگی گوللەم دڕی
لەشم کێڵگــەی ئەرخەوانە
دێتـــە دەرێ نەورۆزانە





## دياري

چاوێکی خۆمم هەڵکۆڵی
گرتمە مستم
وتم هانێ!
پێشکەش بە تۆ
خۆشەویستم

دەستی لادام
وتی: گەوجی !
پیاوی عاقڵ
قەت چاوی خۆی ،
ئاوا نادا بە کیژێ دیل!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

خەمەکانم کرد بە شێعر و
کردمەشانم
لە شەڕێ نیشتمانی دا،
تەوری گوللەی مەترەلۆزی
سپای دوژمن
دەستێکی تاشیم و بردی
خستیە سەر سینگی دڵدارم
وتی:
ئابە خۆشەویستم
بەم دەستانە ڕزگار ئەبم!





## حةزليَكةري

سێهەزارجار
دەزگیرانم
بە دەنگێ قاوکرد
تەنیا جارێ
داگیرکەران بە فیزە وەتیان،
سنتان!
***
سێ هەزار جار ،
پایەگا و
لەشکەر و
سپا مان
خستەچاڵ
تەنیا جارێ،



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

دەستگیرانم وتی،

گیان!

گیان!

سێ هەزار تیکەمسینەیزەردهەڵگەڕاو

چەقا گیانم

بەڵام دیسان،

من هەر بە تەمای

ماچێکی دەزگیرانم

***





## ئاڵا

رووباری خوێن

زەنگی گەڵای دار بەڕوەکانی وڵاتم

بۆ وەی هیچیان لێک نەئاڵێن،

باڵی شاکۆترێکی سپی

دێتە بەینیان،

ئاڵایەکەو

لە ناو دڵما ئەی چەقێنم.



PDF 4 KURD

Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ناهمێدي

هەوراز:
شەقڵی هیلاکیت شکاند و
چەسپاندووتە بە تەوێڵی پیریتەوە!
ئەی ڕێبواری
پاپەڕیوی
دەست بڕاوی
ڕێگەلێژی ئەم سەردەمە
چۆن ئەتوانێ؟
منی هەواز
بە سەرمەوقولانج
بپێوی؟

چۆن ئەتوانێ؟!
لەژێر تەمی





خەمی دڵی
مەلی ئەویندا ئاوەها
چاوت بۆ هەتاو بگێڕی!؟
بلۆقی ژان
دەشتی لەشتی گشت تەنیوە
ماری قامچی
بۆ هەڵۆڵی زامی پشتت
خۆی مات داوە
دێوی «ئوتوو»،
زمان بە لێودا ئەگێری
بۆ سەر سینگی ڕێبوارێکی
پازاماوی
چۆن ئەتوانێ؟!
چۆن ئەتوانێ؟!

ـ منی ڕێبوار،
سکی زۆر کێوم دڕیوە!
هەزار بەردی لووتکەی بوڵەند،
لە بەرپێما
کڕنۆشیوە
پشتت کووڕکە!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

سەرت دانێ لە بەر پێما!

بۆ نازانی؟

کە پاکانم شەکەت دەبن..

دەستم دەبێتە شاباڵ وچاوەکانم،

بۆ مشکی قوژبن دەگەڕن

ناوی منت نەبیستووە؟

هاورێکانم بەم رۆژگارە

ئاگر لە ناو ریخۆڵەتا

ئەکەنەوە...

شەو تیا ئەنوون

ئێستا بۆچی

لەمن بوویتە یاخییەکی دڵ کینەیی؟

« هەزار ساڵە»

ناوی من و تۆ پێکەوە گرێ دراوە

ئێستا بۆ چی...؟

ئێستا بۆچی....؟

ـ من هەورازم

لە دەروونتام!

هەرگیز هەڵۆ نەیتوانیوە

تا پشتوێنەم سەر هەڵبێنێ





من هەورازی ناهمێدیم!

ئاهمێدیم...!

ـ دەستەکانم

لە هەرکێڵگەیەک وەریبن

ئێستا بوونەتەوە بەمن

لاقەکانم

لەهەرکوێ بن

ئێستا دارن

سەوز و سەکەش ١

هەورازی چی؟

دەست ئەکێشن بۆ ئەستێرە

بە تۆپی مانگ

یاری ئەکەن

لق و پۆپان

رۆژی سەد جار

کیژی هەتاو ماچ ئەکەن و

چاو لە «ئۆرا نووس » دائەگرن

سەرت دانێ لە بەر پێما !

پشت کووڕکە!

با سەرکەوم!

هەرچەندە هەر سەرئەکەوم!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## من و ماشيني سةدةي بييست

چوار هەڵقەلاستیکی کۆنم
لە سەرماشینی سەدەی بیست!
بەم رۆژگارە
شۆفیرەکان
ئەمبەو بەناو
خۆڵ و
بەرد و
قوڕ و
گرا!
کە لاقێکم کون..کون.. دەبێ..
دێتە سەر چۆک
دووهەزار جوێنم پێ ئەدەن
بە «ئاپارات» ئەمسووتێنن!
بۆ ساتێ تر،
دیسان منم
«کات» ە کانیان بۆ ئەپێوم...





## طؤراني

شەرم مەکە !
هەمووشەوێک
دەنگت بۆ دڵدار
هەڵێنە
ئەستێرەکان
باسی ئەو دڵداریەی تۆ
بۆ مانگیشۆخ ئەگێڕنەوە.
ـ شەرم ناکەم
ئە شا دەنگی بۆقی زەلکاو!
تەنانەت مانگیش نازانێ
من و سازەکانی قورگم
شەو تا بەیان
گورانی بۆ هەتاو ئەڵێین!



PDF 4 KURD

Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## طێذةڵووكة

شەدەی داری
یەکەم مانگی
پاییزیکی ساردوسڕی
ئەم جیهانە شەوزەنگەم...
هەموو شەوێ
ملوێن ملوێن
تەپ و تۆز و گێژە لووکەی
ئاسمانێکی
چاو خۆڵایم لێئەنیشێ...
هەزاران باڵندەی برسی
لە لۆچی پاڵ پەنا گوێما
هەڵـئەترووشکێن...





سەدان بایەقوشی ئەهەوەن،
هەر یەکەو بەرەو ئاسۆیەک،
لە ناخمدا باوێشک ئەدەن
بەلاّم تەنیا،
تەنیا ..تەنیا..
بێچوە بولبولێکی هەژار
لە ناخم دا ئەچریکێنێ:
هەتاو ...
هەتاو...
هەتاو...
هەتاو...



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ساتۆري شەو

قورگم
پێنج هێلی خوێناوی کێلاویەتی
لاقی پۆلام
هەرگیز خۆلی بەر پێی شەیتانی
لیٚ نەنیشت
بزنەکوێرەی شاخ شکاوی ولاتی شەو!
گورگی هارم!
لەبرسانا،
پێست و ئیسکم
بوونەتە دۆست..
بەلام گوللەی تیشکی چاوم،
شەو هەتا...
..................رۆژ





ریگە.... دەبڕی و
لە بەیانێکی ئارامدا باڵی ئەوەستیٚ!

ژەنگە سوورەی ورووژاون!
بە خەنجەری تووڕەییتان
هاوارە قۆلٚبەستراوەکان
ئازاد ئەکەن..
فەننەری ئازارەکانم دێننەوە یەک
ساتۆری شەو
«کاف» و«واو» ی سەر و شانم
ئەنجن ئەکا..
بەلاٚ م هێشتا
من هەرماوم..

***



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## شيـــعر

بێئەوەی «من» خەبەرم بێتەوە
لەخەو هەڵسام
بە ئەسپایی
لێفە لە خۆم کردەوە و
دام بەسەریا
بە دزی خۆمەوە،
قەڵەمەکەمم هەڵگرت و
لە سەر دەفتەرێکی کۆنە
مۆمی یادی شەهێنێکم
داگیرساند و
ئەمجارەیان
دەستم ژەنی لە پێتەوە
هەڵمسانی و شیعرەکەتم دایە دەستت..
کە خوێندمەوە
دیسان لە ئامێزم گرتی و
هەر پێکەوە نووستینەوە..





## ئاطةداري

بڵیندگۆ:
شیعرۆڵەیەک چاوخەماوی دۆزراوەتۆ
هی هەرکەسە ..بێ بیباتۆ!
ئەم شیعرۆڵە پێپەتییەو
شەرواڵێکی بێگیرفانی لە پێدایە
......... هەرچوار پەنجەی
بە تێزاوی ئازاری رەش داپڵۆخاوە..
خێرا دەرپەڕیم و گوتم:
ناسیمەوە
ئەوە کچەشیعری کوردە!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ضؤمي خةم

خۆ هەزارساڵە خەم دەخۆم
ئەی بۆ تەنیا
هەرچرکە یەك
رووم تێ ناکەی!؟
ئاگری دنیام
هینایە ئەم ئاگردا نە
ئەی لەبەرچی،
سەهۆڵی دووریت ناتوێتەوە!؟
خۆهەر کەسە خەمێکی بوو،
دەی هاورد و





لێم وەردەگرت
ئەمیندار بووم
دەم گلۆفی و
دەم خستە باخەڵی دڵم..

دەریا یەکەم لە ژێرتەوژمـی
ئازارا
دەکردە دڵۆپێ زووخاو
ئەی بۆنایی!؟
دڵۆپەکان،
بوونەزەریا
کەس نەهات و
هیچیان لێم وەرنەگرتەوە

ئەی ئەوانەی چۆمی خەمتان،
دەهاتە دەریای دڵمەوە!
جۆگەلەشێعرێکتان ناویٚ؟
لە بن داری هیواتانا
سەری
برن!؟
چۆمی گۆرانیتان ناویٚ!؟
نیوەرۆیان،



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**خۆتانی پیّ بشۆنەوە!؟**

**دەی سابۆیە،**

**رووبار**

**رووبار**

**شیعرەکانم**

**بەرەو ناخی هەموو دڵیّ**

**گۆرانی خەم**

**دەڵێتەوە!**

***





## ئةمناسييةوة؟

**لەگەڵ شەپۆلی ئەویندا،**

**هەموو شەویّ،**

**تا قەراخ**

**زەریا**

**ئەهاتم**

**لەگەڵ هاژەی رووبارێکدا،**

**هەموو رۆژی**

**تا سەر سینگی**

**تۆ دەهاتم**

**من باڵی مەلی هەتاو بووم**

**هەموو رۆژیّ،**

**خۆم دەساویە**

**سەر و سینگت!**

**ئەریّ زەریا!**

**هاژەی رووبار و**

**شەپۆل و**

**گزنگی هەتاو ئەناسی؟!**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# بةندي

جیهانم هاورد و
بردم
لەم تۆزقاڵ گردیلانەدا
کونە رۆچنێکم لە باخەڵ،
دیوارێکی بەرزدا نەدی
ئەم پەنجەرەی ئێرە نەبی
بۆیە رۆژی
لێکردووین بە
سەد بەشەوە
لای ئێواران رۆژی بەشێکمان
دەداتی.





# نةئامةتي

بیرم ،
دیوانە شیعرێکی
هەر کۆنە
بەم شەوگارە،
لە بەر تیشکی
سکڵی سیکار
ئەی خوێنمەوە
هەر کە دەگەمە بەشی تۆ
جگەرەکەم ئەکوژێتەوە.



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## شين و شةثؤل

«شین»م
پەڵە هەورێکی ئاسمانی
خەمی دەرون
کەبەهەناسەیەکی سارد
دێتە گۆڕان
خوشەویستم
زریبارە
کە بەردەوام،
باوەشی بۆ لێزمەی شینم
ئاوەڵایە
چاوەڕوانیم
ئەویش پانتای
ئەم دنیایە....





قینەوەریم
شەپۆل
شەپۆلی
دەریایە
لێم بترسن!
هەرکە زریبارم
پڕ بوو،
ئینجا نۆرەی
شەپولی قینی
دەریایە.



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## شيعر و قةڵةم

لەبیرم دیَ،
بۆ یەکەم جار،
جامیَ شیعرت
دایەدەستم
منیش وتم،
ئەی ناترسی،
هەریەکەو قوم
بم سووتینیَ!
لەم دادگاتوورە، ناترسی،
سەرت ببریَ و
لەکێلی قەبرت بپرسیَ
ناوی چی بوو!؟





کەلێم روانیت
لە سیماتا
شیعرێکی نوێی رەنگاڵەم دی
لەو رۆژەوە،
قەڵەمەکەم بوو بە شاعیر
منیش بووم بە لایەنگری
شێعری تازە!

***



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## خؤشةويستي

لە دوورەوە،
باڵەکانت دەرکەوتایە!
ئەم وت ئەوا،
شەهێنەکەی منە
دەفرێ.

لە دوورەوە،
شینایییەکم بدیبایە
ئەم وت بەخوا
ئەوە لەوێ

لە دوورەوە،
گڵۆپێکم بدیبایە





ئەم وت شەهێن،
قەت نایەڵێ
ڕێگە ونکەم
منی دەوێ

کەچی ئێستا،
چاوەکانم هەتەرناکەن
نەسوورایی ... نەشینایی...
بەدی ناکەن
بەڵام چیبکەم؟
هەر خۆشم ئەوێ!

***



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## رق و ئەوین

کەم تێزئاوی نیگاکانت
بکە بە لەشما
من لەوان نیم!
بەس بە گوللەی توانج بمخە
من دوژمن نیم!
چاوەکانم
کەم بروانە کەلاکی شار
من لەویٚ نیم!
شەویٚ بەدەم
پێکەنینی خەیاڵەوە
هاتم و
نەگەڕامەوە!
هاتم و...
نەگەڕامەوە!





## کاتیَ هاتن

کاتیٚ هاتن
دەرکەی دیوانە شیٚعریٚکیان
بەئامووردەست
هەڵقڵیٚشاند
پەپوولەو
بولبول و
قومری و
کوتری سپی،
هەموو خرانە
هەمانە...و
باڵی هەڵۆیەکیان
شکاند....



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ئاويان
بەسەر پشکۆدا کرد
رقیان توند بەست
کەلەبچەیان کردە دەستی
خۆشەویستی و
.....ومليان شکاند
ئەوسا منیش،
شێعرەکانم
بوونە شیر و
لە کۆلانیکی تاریکا
قورگی دوژمنێکیان
دڕاند..
کاتیٚ هاتن
شووشہی پەنجەرەی شێعرێکیان
بە زور دا بە
داری باتۆم
ئەوسا شێعرم
شووشەی پەنجەرەکەی
شکاند...
چەندین لەتە شووشەی تیژیش
چەقاچاوی یاساوڵەکان





کاتیٚ هاتن،
شێعرەکانیان هەڵفلیقاند
وشەیاندایە بەر زللە..
سەری چەن دێڕێکیان بری و
هەندیٚتریان
لیٚدان لە دار....

کاتیٚ هاتن،
چاوی دەفتەرێکیان
کوێرکرد
سەری قەڵەمێکیان
شکاند.......
ژەهریان بە زۆر،
کرد بە قورگی
کیژی شێعری هەواڵێکدا
ئەوسا منیش شێعرەکانم
بوون بە ئەوینێکی سوور و
چوونە
ناودڵ
هەژارەکان.



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**هەرئەوەندەش**

**لای ڕاستیەوە**

**ئە**

**دا**

**لێنیٚ**

**بیخەنە جێیی،**

**با لانی کەم،**

**ئاوی ڕوونتان**

**بۆ هەڵێنیٚ !**

***



دياري.......................................... سالح سووزةني

## ترومثا

**جۆشکارێکیان بانگ کرد بوو**

**بۆوەی،**

**ترومپای ماڵەکە چاکاتەوە.**

**وتم:**

**پووڵی تیا خەرج مەکەن!**

**ئەوە دڵم**

**هەموو ڕوژیٚ،**

**ئەونەی چۆمیٚ**

**زۆخاوی ڕەش**

**لەلای چەپیەوە دەخوات و**

## دروشم

که بولبولێک،
ئاگرێکی خونچیلانه
له دڵیدا حەشار ئەدا،
زستان دەبڕێ و
دیسانەوە،
دێتەوە ئامێزی
گوڵێ
شێعرم دەڵێ،
بژ ی ئەوین .... بژی ئەوین....
کەوێ
سەر
هەر





که کۆترێک،
دەریایەکی پان وبەرین،
له دڵیدا حەشار دەدا و
بەناو گڕدا
تێدەپەڕێ...
شێعرم دەڵێ،
بژی ئەوین...بژی ئەوین...
کەوێ
سەر
هەر

که شاعیرێ،
هەمانەی دەفتەر پڕئەکا
له وشەی جوان
دەی گەڕێنێ،
له «ئاوییەر»
بۆ « سەرچنار»
شێعرم دەڵێ:
بژی ئەوین...بژی ئەوین...
کەوی
هەر سەر



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# ثرسيار

ماموٚستايەك
دەستى قوتابييەكى گرت و
بردى بەرەو...
سەوزەلانى لاى
ماڵيخوا
قوتابييەكە شەكەت ببوو
دەستى بەرداو
بچر بچر وتى،
باشە،
ئەى ... پەن .. جە...رەى ـ
...ژورە...كەى كوا؟





# رق

دەڵێم گەرێ،
هەورى چڵكن!
با توٚزقاڵێك،
لەشم قاڵ دەم
من لەريزى
ئەويندارانى ئەم كوٚڕەم
ئامێزم بوٚتاريكە شەو
ناكەمەوە
سەريشم قەت،
بوٚ مشكى كونە ديوارێ
دانانەوى
شێرى چڕەدارستانێ،
ميشوولەى زەلكاو
نايكوژێ
هەرچەندە جار لەگەڵ جارێ،
چزى قينى پێدا بچزێ!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

دەلێم گەڕێ

دڕێوەزمە!

خۆمن « سەلیم جەوهەری » نیم

بشتم بکەمم،

بەجێ خەوێ،

رق و کینە

دەلێم گەڕێ

ئەی مانگی دژ

بالەم شەوەتاریکەدا

بیری هەتا و

لەیاد نەکەم

خۆ دەزانم،

ڕەنگی زەردت

نیشانەی خۆفرۆشیتە

من شابازی ناوقەفەسم

بەڵام هەرگیز

خۆم نافرۆشم!





## ثرسيار ٢

ئەزانن بۆ

دڵدارەکەمم خۆش ئەوێ!؟

پرچی دەڵێی

ڕووبارێکە

بەسەر،

شان و ملی شێعرا،

دێتە پشتوێنەی

دەفتەرم

چاوەکانی ،

دەریای شێعرن

بەنیگایەك،

جەستەی زامار

دەشۆنەوە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ئەی ئەزانن!؟

ولآتەکەم بۆ خوش ئەویٚ؟

ئەگریجەی

بەفری لووتکەیە

بەسەر،

مەمکی کێوەکانا

دێتە سەر دێری

شێعرەکەم

چاوەکانی

پەڵەهەورن

رێژنەی خەمی

ئەستێرەکانی

کوردستان،

ئەبارێننە

سەربرینی،

شێعرەخەماوییەکانمەوە!

ئەی ئەزانن

شێعرەکانم

بۆ خۆش ئەویٚ!؟

بۆ وەی شێعرم،





ئاوێنەیە!

هەموو کاتیٚ زرێبار و

«وان» ی تیایە

بۆ وەی شێعرم،

هەم گوریسە

هەم شانەیە!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## دةمامك

منالەکان!

لە تابۆی چاوی کتێبێکا،

ئەم شێعرەم دی،

کە نووسرابوو

بۆ ماسی‌یەکی

سووری بچووك،

یەخسیر لە ناو

شیشەیەکی گەورەی

ئاودا

«ئاخ ... کە چەندە نەشمیلانەی!

بێ بچۆناو

دەروونمەوە،

با بەردەوام....

لەگەڵما بێ!»





## مةزةق

ئێستا ئەگەر

لە « سۆوییەت»

کەسێ بڵێ

«کومۆنیستم!

بڵێی،

گوێتینەکەی پاریس،

نەگۆزنەوە

«مەیدانی سوور؟

ئێستاکە لەعەرەبستان،

کە سێ بڵێ،

«موسڵمانم»!

بڵێی وەکوو

«ژاندارەکی » سەرلێ ـ

شێواو،

ئەی ختکێنن،

لە ناو دەریایەک ئاگرا؟



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ئێستا ئەگەر،

لە باوەش،

دایەگەورەمدا،

مناڵێکی چەتوون بڵێ،

منیش کوردم

بڵێی،

ئەمن«نەی سووتێنی!

لە پاڵ چۆمەکەی «دجلە» دا؟!

ئەم دنیایە،

وەك مەزرەقی

کاتی منداڵیمان وایە

بەردەوام هەر

لە مین دایە!

***





## طالیلة

گوایە زەوی،

بسوورێتەوە؟

خەیر!

هەرگیز نەبووەو

نابێ ...

هەزار جار دەینووسمەوە

عەرز،قەت قەت، ناخولێتەوە !

دوێنێ شێت بووم

وەک «کوپرنیک»

هەرچەندە،

پا و دەست و پشتم،

زامار نەبوون

من ناتوانم،



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

لەبەر چاوما،

قامكەكانم،

مار بيگەزێ !

هيچ «نيل ئارمسترانگ» ناوێ

هەڵىنەدا

لە تۆپى

مانگ!

«ئەرەستوو»

قەت

درۆى نەكرد!

هەرچى ئێوە بيلێن

راستە!

دەلێم گەرێن!

من شاعيرم!

خۆ رۆستەم نيم!

***





## ولآت

چەندين وێنەى

دڵدارەكەم،

لە دەفتەرى نيگايەكدا

كرد بە شێعر..

وەكوو خۆى

توورە بوو..

وتى:

ئيتر بەسە!

يامن

يا شێعر!

وتم:

ئازيز !

كەواى لێهات،

تەنيا ولآت!



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# تابلۆ

شێر و
پڵەنگ
بووبە شەڕیان!
بەچنگ
سکی یەکیان دڕی
کابرایەکی ڕاوچی
هات و
بە  خۆڕایی،
پێستی هەر دووکیانی
کڕی.





# بیَڵن بڵیَم

بێڵن بڵێم:
منیش کەسێکم خۆش ئەوێ
کە ناشهێڵن،
بالانی کەم
خەیاڵەکەی لە دڵمابێ
کە ناشهێڵن،
تەقینەوەی شیعرەکانم
بە ئاگوستێک دەم کوت مەکەن!
یا لانی کەم،
دەنگم لە شار
مەشارنەوە!

***



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

بۆ ۲۲ ی ڕێبەندان ۱۳۵۷

پاشای گەورە،
بڕیاری دا
سەری ئەلبورزی بۆ ببڕن!
بەرکۆشکەکەی،
ڕێک و پێک کەن
بەکرێ گیراوان بانگ کران،
پێمەڕە و پاچ لە شان نرا..
تۆزاڵی لووتکەیان بڕی
ڕۆژ شەکەت بوو
لە لووتکەوە
کشایە خوار....

پشتی سەریان
قەندیلێکە
بەڵام
ئەی کۆشکی پاشا
کوا؟





شةهيد

کە دێم....
دنیا
چاوەڕێمە
کە دەشڕۆم....
شارێکی هیلاک،
بەددانی بێوەفایی
لێوی پەشیمانی دەگرن،
لەوڵاتێکی
لێو بەبار...

باوشێکی
نەرمی سەوز،
ئامێزم بۆ دەکاتەوە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

گرێکی سوور،

بانگی ناوم

دەدا بە گوێم.

هاتووم بە خوێن

چەکێك سازکەم

هەتا دەنگی تەقینەوەی...

.... هەتا هەتا هەتا هەیە...

هەر بمبێنێ

هاتووم بە خوێن،

ئا و پ...ژێنێ

ئیمان بکەم

هاتووم بەزمانی تینوو

لێوی هاورێکانم تەرکەم

هاتووم ئاوی کانی ژیان

بهێنمەوە!

بۆ منداڵانی داهاتووم

هاتووم

ئاگر بکەمەوە!

لە زستانی

داسەپیوی رۆژهەڵاتم





هاورێکانم،

شاری کووفەن

بانگم دەکەن..

بەڵام کە دیم

دەرکەکانیان

پشت بەست ئەکەن

هاتووم و ناگەرێمەوە!

هەتا....

هەتا....

هەتاهەیە

گەڕانەوە

ئەبەزێنم!

...ئەبەزێنم.....



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**THE PRESENT**

*A CALECTION OF POEM*

*BY*

*SALIH SUZENI*



بێڵن بڵێم:

منیش کەسێکم خۆش ئەوێ

کە ناشهێڵن،

بالانی کەم

خەیاڵەکەی لە دڵمابێ

کە ناشهێڵن،

تەقینەوەی شیعرەکانم

بە ئاگوستێک دەم کوت

مەکەن!

یا لانی کەم،

دەنگم لە شار

مەشارنەوە!

دەنگم لە شار....

Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com